

# گەنجانی کورد و جیهادی سوریا

موئمین زەڵمی

- ناوی کتێب: گەنجانی کورد و جیهادی سوریا
- ئاماندن: بەدواداچوون
- نوسەر: موئمین زەڵمی
- جۆر: رۆشنبیری-سیاسی
- ساڵی بڵاوکردنەوە: 2014

ئەم بەدواداچوونە ...

1. تەوەرەکانی: سیستەمی وڵاتی سوریا, شۆڕشەکانی سوریا, شۆڕشی نوێی سوریا, ڕێکخراوە جیهادییەکان, ڕۆڵی قاعیدە, ڕۆڵی وڵاتانی ناوچەکە لە بارودۆخی سوریا, ژمارەی قوربانیانی شۆڕشی سوریا, چوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ سوریا , کوژرانی گەنجانی کورد لە سوریا) لە خۆ دەگرێت

2. پێشتر لە سایتی کوردستان تریبیون و گۆڤاری سڤیل بڵاوکراوەتەوە.

# پێشەکی

ماوەی چەند ساڵێکە شۆڕشی گەلانی سوریا دژی رژێمی بەشار ئەسەد دەستیپێکردووە و تاکە شۆڕشێکی کۆکراوی شۆرشەکانی بەهاری عەرەبییە کە زۆرترین ماوەی پێچووە و ئەم درێژخایاندنەشی سەدان هەزار قوربانی و دەیان ملیۆن ئاواری لێکەوتۆتەوە.

شۆرشی سوریا دژی گەندەڵی و قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن بنەماڵەیەکەوە دەستیپێکرد بەڵام دەستێوەردانی دەرەکی و هاوکێشە سیاسییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان وایانکردووە ئێستا شۆرش ئاراستەیەکی نالەباری وەرگرتووە و هەموو ئەو لایەنە نێودەوڵەتیانەش رۆڵی زۆر خراپ لە بارودۆخی ناوخۆیی سوریا دەگێڕن بە تایبەت (تورکیا و ڕێکخراوی قاعیدە) لە بەرەیەك و (ئێران و حزب الله) لەبەرەکەیتر.

**سوریا ئەگەرچی وڵاتێکی زۆر گەورە و زۆر بەهێز نیە و خاونی پێکهاتیەکی ئاڵۆز نیە بەڵام سروشتی ئایینی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە کە (شیعە) یە وایکردووە ببێتە چەقی شەری مەزهەبی و سیاسی نێودەوڵەتی و قوربانی یەکەمی ئەم شەرانەش گەلی ستەمدیدەی سوریایە.**

# سوریا

**کۆماری عەرەبی سوریا (شام) لە ساڵی 1963 ەوە کۆمارێکی ناوەندییە و لە 14 پارێزگا پێکهاتووە کە پایتەختەکەی شاری دیمەشقە ، دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ئاسیاوە و وڵاتانی (تورکیا و عێراق و ئەردەن و ئیسرائیل و لوبنان ) دەبنە دراوسێی و رووبەرەکەی 1850.000 کیلۆمەترە.**

**لە مێژوویدا ژمارەیەکی زۆر شۆرشی ناوخۆیی بە خۆیەوە بینیوە، لە شۆرشی سوریای عوسمانیدا کە تا جەنگی جیهانی یەکەم بەردەوام بوو، پاش جەنگیش شۆرشەکانی ناوخۆیی سوریا بەردەوامییان هەبووە، لە 8ی ئازاری 1963 سەربەخۆیی وەرگرتووە و ساڵی 1973 بۆتە خاوەنی دەستوری سەرۆکایەتی ئەگەرچی ساڵی 2012 دەستورێکی نویێ دەرکرا و هەندێك گۆڕانکاری لە خۆی گرت.**

**سیستەمی سیاسی لەم ولأتەدا کۆمارییی بووە و حزبی بەعسی ئیشتیراکی سوریا بە شێوەیەکی بنەماڵەیی و حزبیی سەرۆکایەتی کۆماری سوریایان وەرگرتووە، حوکمی ئەم ولأتە حوکمێکی شیعی عەلمانی بووە بەلأم پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ شیعەکانی جیهان بە تایبەت شیعەکانی ئێران و لوبنان پێگەیەکی بەهێزی سیاسی و ناوچەییان بۆ سوریا خستۆتەوە.**

**حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی لە ساڵی 1947 دامەزراوە و لە ژێر دروشمی (ئومەتی عەرەبی یەکە و یەك پەیامی نەمری هەیە) و بە ئامانجی (یەکێتی، ئازادی ، ئیشتیراکی) دەستی بە کار کردووە و لە شۆرشی 8ی ئازاری 1963 وە حوکمی سوریا دەکات و هەروەك چۆن حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی لە عێراق لە 17ی تەموزی 1968 ەوە تا کۆتایی رژێمی دیکتاتۆری سەدام لە 9ی نیسانی 2003 حوکمی عێراقی دەکرد.**

# لە شۆرشەوە بۆ سیاسەت ...

ژمارەیەکی زۆر حزبی سیاسی گەورە و بچوك لە سوریا دامەزرێندراون کە زۆربەیان مێژووی دروستبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ پاش شۆرشی 8ی ئازار.

زۆربەی حزبەکانی سوریا شێوازی کاریان نهێنی بووە و نەیانتوانیوە بە هیچ شێوەیەك لە بوونی (حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی) حاکمدا پەرە بە چالاکییەکانی خۆیان بدەن. بەلاّم لە پاش دەرچوونی یاسای حزبەکان لە 2011 ژمارەیەکی زۆر لە حزب بوونی خۆیان ئاشکرا کرد و هەندێکیان بە ناوی تازەوە خۆیان راگەیاند، بەلاّم هیچیان نەیانتوانیوە بگەنە ئەنجومەنی گەل (مەجلیسی شەعب) و ئێستاش زۆربەیان لە چوارچێوەی ئیئتیلافی ئۆپۆزسیۆندا کار دەکەن.

**حزبە سیاسییەکانی سوریا بەمشێوەیە دابەش دەبن:**

**-حزبەکانی جەبهەی وەتەنی پێشکەوتوو: (حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی، حزبی شیوعی سوریا موەحید، حزبی شیوعی، یەکێتی ئیشتیراکی عەرەبی، حزبی یەکێتییە ئیشتیراکییەکان، بزووتنەوەی ئیشتیراکی عەرەبی ، حزبی یەکبوونی ئیشتیراکی دیموکراتی، حزبی عەرەبی دیموکراتی، یەکێتی عەرەبی دیوکراتی. حزبی سوریای نەتەوەیی کۆمەڵایەتی)**

**- حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان: دەستەی تەنسیقی نیشتیمانی بۆ هێزی گۆڕان، جەبهەی گەل بۆ گۆڕان و سەربەخۆیی، تەیرای بونیادی دەوڵەتی، حزبی سوریای نەتەوەیی کۆمەڵایەتی، حزبی نیشتیمانی نوێ، حزبی گەلی دیموکراتی نوێ، برایانی مسوڵمان (ئیخوان مسلمین), حزبی تەحریری ئیسلامیی ، حزبی کاری شیوعی، حزبی دادەپەروەری، حزبی نوێگەری**

**دیموکراتی، تەیاری وەسەت، حزبی گەلی ئازاد، بزووتنەوەی راپەرینی نیشتیمانی دیموکراتی، بزووتنەوەی دیموکراتی کوردی سوریا، بزوتنەوەی چەپی کوردی, حزبی یەکێتی کوردی ، حزبی ئازادی کوردی، حزبی دیموکراتی کوردی، کۆمەڵەی دیموکراتی ئاشووری، رێکخراوی شۆرشگێری دیموکراتی، حزبی کاری دیموکراتی، حزبی پشتیوانان (ئەنیسار)، حزبی نشتیمانی، حزبی لاوانی نیشتیمانی ، حزبی دیموکراتی ، حزبی پێکوەژیانی عەرەبی دیموکراتی، حزبی گەشەپێدانی نیشتیمانی، حزبی سەرهەڵدانی دیموکراتی، حزبی لاوانی نیشتیمانی بۆ داد و گەشەپیدان، حزبی یەکێتی سریانی.**

# کود لە ژێر چنگی دیکتاتۆردا

**ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆری کورد کە بە گوێرەی سەرچاوە زانیارییەکان زیاتر 10٪ی کۆی دانیشتوانی سوریای 21 ملیۆن کەسی هەژمار دەکرێن کە زۆربەی زۆریان مسوڵمانی سوونی مەزهەبی شافیعین و هەندێکیان یەزیدین, کە بەشی رۆژئاوای کوردستانی گەورە پێکدێنن و لە شارەکانی (قامیشلو, دیرۆك, عفرين, كۆبانى, عامودا, سەرێ كانى, عەزەز , حەسەکە, بەشێکی پارێزگای حەلەب, تەل ئەبیەد, ترپە سپی) گیرساونەتەوە.**

**سەرچاوە مێژوویەکان باسلەوەدەکەن کە ژمارەیەك لە کوردانی سوریا , لە ناوچە سنورییەکانی تورکیاوە و پاش شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە 1925 بەرەو قوڵاییەکانی خاکی سوریا (شام) گواستوویانەتەوە.رژێمی بەعسی حاکمی سوریا**

**خراپترین مامەڵەی لەگەڵ کوردە دانیشتووەکانی ئەم وڵاتەدا کردووە و هەرگیز نەیویستووە دان بە بوونی نەتەوەی کورددا بنێت لە وڵاتەکەیدا بۆ ئەو مەبەستەی زۆرینەیان ناچار بە گۆڕینی ڕەگەزنامە کردووە و بە گوێرەی سەرچاوەکان لە سێ قۆناغدا نزیکەی یەک ملیۆن کوردی سوریا ڕەگەزنامەیان بۆ گۆڕدراوە و لە شارە عەرەبییەکان نیشتەجێ کراون و پرۆسەی تەعریب, عەرەبەکانی هێناوەتە ناوچە کوردییەکان.**

**ڕێکخراوی هیومان رایتس ووچ لە ڕاپۆرتێکیدا تایبەت بە مافەکانی گەلی کورد لە سوریا بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنێت " لە کاتێکدا کوردەکان لە سوریا ڕێژەیەکی بەرچاوی دانیشتوانن بەڵام هیچ مافێکیان پێنەدراوە و تەنانەت قوتابیانیش بۆیان نەبووە بە زمانی دایکیان بنوسن و بدوێن, و هەموو جۆرە ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەک لە کوردەکان قەدەغەکراوە بە درێژایی مێژوو."**

کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوریا جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری رۆشنبیر و لێهاتوویان لە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکاندا بەرپرسیارییەتی گەورەیان وەرگرتووە, لە هەردوو (پارتی دیموکراتی کوردی سوریا و حزبی یەکێتی دیموکراتی سوریا) پەرەیان بە چالاکییە سیاسییەکانیان داوە.

حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی سوریا لەبەر ئەوەی حزبێکی ئینقیلابی بوو و لە ئینقیلابەوە دروست بووبوو هەرگیز و بەهیچ شێوەیەك باوەڕی بە بنەماکانی دیموکراتی و بوونی نەتەوەیتر لە وڵاتەکەیدا نەبوو بە تایبەت گەلی کورد. هەروەك چۆن رژێمی بەعسی عێراقی بە هیچ شێوەیەك ئامادەنەبوو دان بە مافی کورد لە وڵاتەکەیدا بنێت, حزبی بەعسی سوریا هەموو رێگاکانی گرتە بەر بۆ ئەوەی کوردبوون لە مێشکی هاوڵاتیاندا بسرێتەوە و هەرگیز بوارێك نەبێت بۆ بەرامبەرکردنی

**نەتەوەیی لە نێوان عەرەب و کورددا, بۆ ئەوەی چەند ڕێگایەکی گرتبوویە بەر:**

1. **ڕەتکردنەوەی دەستوری بۆ بوونی کورد لە سوریادا: لە دەستوری سوریادا بە هیچ شێوەیەك باسی نەتەوەکان نەکراوە و وا پیشاندراوە کە تەنها عەرەب لە سوریادا بوونی هەیە.**
2. **پاراستنی نیشتەجێبوون: ڕژێمی سوریا جەختی لەسەر پاراستنی نیشتەجێکانی سوریا کردۆتەوە و نەیهێشتووە بە هیچ شێوەیەك لە هیچ ناوچەیکدا بوونی کورد وەك ناوچە بسەلمێنرێت.**
3. **سیاسەتی داگیرکاری زەوی کوردەکان: لە یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵیدا هیچ خاوەندارییەك نەدراوەتە کوردەکانی سوریا.**

4. تەعریب: گواستنەوەی عەرەبەکان بۆ ناوچە کوردییەکان و گۆڕینی ناوی شاری و گوند و دێهات و گەڕەك و بازاڕ و شوێنە مێژوویەکان لە ناوچە کوردییەکاندا بۆ ناوی عەرەبی وەك چون رژێمی بەعسی عێراقی لە ناوچەکانی کەرکوك جێبەجێی کورد.

5. گرنگی پێنەدان بە ناوچە کوردییەکان: رژێم هیچ گرنگییەکی بە ناوچە کوردییەکان نەدەدا بە تایبەت لە بواری پیشەسازی و بازرگانی و ئاوەدانی خزمەتگوزاری.

سەرچاوە رۆژنامەوانییەکان بڵاویانکردەوە, بەفەرمانی ڕاستەوخۆی، بەشار ئەسەد، شێخ مەعشوق خەزنەوی، ڕابەری ئاینی و نەتەوەیی، کورد، لەساڵی 2004 دا ڕفێنراو پاش چەند ڕۆژێك تەرمەکەیان بەکوژراوی دۆزییەوە, و 573

**سەربازی کورد، لەڕیزەکانی سوپای سوریادا، شوێنبزر کران و پاشان بەکوژراوی، بەهۆی فیشەکێکەوە کەبەسەریانەوە نابوون، تەرمەکانیان درانەوە دەستی کەس و کاریان.، مەشعەل تەمۆ، سیاسەتمەدار و شۆڕشگێڕی کورد، لە قامیشلو، لەڕێکەوتی 10ی تەممووزی 2011 ، لەناو ماڵەکەی خۆیدا، تیرۆر کرا. و دەیان خوێندکاری کورد، لەپاش ساڵی 2006ەوە، خرانە بەندیخانە و هەندێکیان لەسێدارە دران و هەندێکیان تاکو ئێستاش لەزینداندان.**

# بەشار ئەسەد

بەشار ئەسەد لەدایکبووی 11ی سێپتەمبری 1965، سەرۆك کۆماری ئێستای وڵاتی سووریایە. بەشار ئەسەد لە ساڵی 2000دا پاش مردنی باوکی، حافز ئەسەد، ئەم پۆستەی وەرگرتووە. حافز ئەسەد لە وەسیەتنامەکەی خۆیدا کوڕە گەورەکەی دەستنیشان کرد بۆ گرتنەوەی شوێنی خۆی، بەڵاّم ئەو لە ڕووداوێکی ئۆتۆمبێلدا لە ساڵی 1994 گیانی لەدەست دا. ئەوە بوو بەشاری کوڕی لە شوێنی خۆی دانا کە لە هەڵبژاردنی ساڵی 2007دا، بەشار ئەسەد، لە 27 حوزەیرانی 2000 دا، کرا بە بەرپرس و ئاسایشی حیزبی بەعسی سوریا و لەتەموزی هەمان ساڵدا، بۆ سەرۆکی سوریا، لەلایەن هەمان حیزبەوە ، هەڵبژێردرا, درێژەی بە سیاسەتەکانی باوکیدا، لەمەڕ پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ ئێراندا، دژایەتی و دوژمنایەتی ئیسرائیلیشی بەمیرات لەباوکیەوە بۆ مایەوە.

# شۆڕشی سوریا

بڵێسەی شۆڕشی سوریا لە شاری دەرعاوە دەستیپێکرد ئەوەی پاش شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە میسر و تونس و لیبیا و یەمەن کاتێك پۆلیس ژمارەیەك مێردمنداڵی دەستگیرکردك کە دروشمی دژی رژێمیان لەسەر دیوارەکانی قوتابخانەکەیان دەنوسی لە بەرواری 26ی شوباتی 2011 , دواتریش لە تۆڕە کۆمەلأیەتییەکانەوە بانگەوازی شۆڕش دژی رژێمی سوریا دەستیپێکرد.لە بەرواری 15ی ئازاری 2011 یەکەمین خۆپیشاندان دژی رژێمی سوریا دەستیپێکرد, بە تایبەت لە شارەکانی حومس و دەرعا و دیمەشق, لە ماوەی هەفتەیەکیشدا بە گوێری راپۆرتی روانگەی مافی مرۆڤی سوریا 100 کەس کوژران و دەیانیتر بریندار بوون , ئەوەش ئاگری شۆڕشی زیاتر هەڵگیرساند و شۆڕش زۆربەی شارەکای سوریای گرتەوە و حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان هاتنە ناو شۆڕشەکەوە و هانی زیاتری خەڵکیان دەدا دژی رژێمی بەشار ئەسەد.

**لە 31ی ئازار بۆ یەکەمینجار بەشار ئەسەدی سەرۆك کۆمار لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەرکەوتنی شۆرشی بە ناراستەوخۆ درکاند و ئەوەش زیاتر بوویە هاندەری خەڵکی شەقام, پاش تەنها دوو مانگ بەشار ئەسەد حکومەتی کاتی سوریای ڕاگەیاند بەڵام خەڵك و ئۆپۆزسیۆن رەتیانکردەوە و دروشمی ( بروخێ بەشار ئەسەد ) سەرتاپای وڵاتی گرتەوە. لە 25ی نیسان جەیشی سوریا بە شێوەیەکی فراوان رووبەرووی خۆپیشاندەران بوونەوە و سەدان گەنجیان کوشت و هەزاران کەسیان بریندار کرد. لە یەکەم شەوی رەمەزانی 2011 سوپا بە فراوانتر هێرشی بۆمبارانی بۆ سەر خۆپیشاندەران لە شارەکانی (حەما و دیرالزور و بوکەمال و حەراك) دەستپێکرد, لەو مێژووەشەوە هیچ رۆژێك نەبووە لە سوریادا کە دەیان کەس نەکوژرێن و هەزارانیتر بریندار نەکرێن.**

# ڕێکخراوە چەکدارییەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا

## 1. سوپای سوریای ئازاد:

لەگەڵ ڕاگەیاندنی سوپای ئازای سوریا وەك هێزی نیشتیمانی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆن بۆ ڕابەرایەتیکردنی شۆرشی سەربازی دژی رژێمی سوریا کە بە گوێری ئامارەکان زیاتر لە 100.000 هەزار جەنگاوەر دەبن و بە فەرماندەیی ریاز ئەسعەد زابتی جیابۆوەی رژێمی سوریا لە ناوچەکانی (حلب و حمص، الرستن، داریا و دەرعا، و حورانو دیر الزورو بوکەمال) چالاکییەکانیان دژی رژێمی بەشار ئەسەد دەستپێکردووە و ژمارەیەك لە شارەکانی سوریایان کۆنترۆڵ کردووە.

فەرماندەکانی سوپای ئازاد جگە لەو ژمارە فەرماندەیەی لە سوپای سوریا جیادەبوونەوە ئەو گەنجانەش بوون کە پەروەردەی ئیخوان بوون لە جیهادی ئەفغانستان و پاکستاندا بەشدارییان کردبوو. دابەشبوونی سیاسەتی

نێودەوڵەتی لە سوریا کاریگەری راستەوخۆی لەسەر توانا سەربازییەکانی سوپای ئازاد هەیە و لە هەندێ کاتدا کەمبوونەوەی چەك و پێدوایستییەکان ناچاری کردوون پاشەکشێ لە زۆرێك لەو ناوچانەدا بکەن کە رزگاریان کروون چونکە ناتۆ و ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا تا ئێستاش بە شێوەیەکی راستەوخۆ هاوکارییە سەربازییەکانیان نەگەیاندۆتە شۆرشگێرانی و تەنها تورکیا و قەتەر و سعودیەهاریکاری سوپای ئازاد دەکەن, هەریەك لە (عەبدولئیلا بەشیر و موستەفا شێخ و ریاز ئەسعەد) لە فەرماندە باڵاکانی سوپای ئازادن.

2. رێکخراوی قاعیدە لە سوریا:

جگە لەوەی ژمارەیەك لە گەنجانی چەکداری رێکخراوی قاعیدە لە وڵاتانیترەوە چوونە سوریا و بوونە بەشێك لە شۆرشی سوریا لە چوارچێوەی سوپای ئازادی سوریا بەڵام جیابوونەوەی رەوتەکانی رێکخراوی جیهادی ئیسلامی لە سوریا لە کۆی گشتی رێکخراوی قاعیدەوە

**بۆ ڕێکخراوەکانی ( بەرەی نوسرە, دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام داعش, کەتائیبی ئەحرار, کەتائیب الحق, ئەنسار ئیسلام) جموجوڵی قاعیدەی لە شۆرشەوە پەرتەوازە کرد کە دواتر ململانێی چەکداری نێوخۆیی لێکەوتەوە. بە گوێری زانیارییەکان چەکدارەکانی هەموو جیهادییەکانی سوریا دەگەنە نزیکەی 30.000 هەزار چەکدار کە ژمارەیەکی زۆریان لە وڵاتانی ئەوروپا و عەرەبییەکانەوە چوونەتە سوریا و بەشێوی گەنجانی هەرێمی کوردستانیش پەیوەندییان بەم ڕێکخراوانەوە کردووە و تا ئێستا زیاتر لە 25 کەسیان کوژراون. هەریەك لە (ئەبومحەمەد جۆلانی, ئەبوبەکر بەغدادی , ئەبو ئەیوب الکوردی) لە فەرماندە باڵاکانی ڕێکخراوی قاعیدەن لە سوریا.**

**3. جەبهەی ئیسلامی سوریا:**

**بە گوێرەی زانیارییەکان لە 45.000 هەزار جەنگاوەر پێکهاتووە و هەریەك لە ( ئەحمەد عیسا شێخ و زەهران عەلوش و حەسەن عەبود و عەبولقادر سالح) لە فەرماندە**

**ناسراوەکانی جەبهەی ئیسلامین و لە 18 کەتیبە و لیوا پێکدێت.**

**4. نەوەکان (احفاد الرسول):**

**یەکێکیتر لە هێزە چەکداری ئیسلامییەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا کە بە 10 تا 15.000 هەزار چەکدار هەژمار دەکرێت و (عەجیل ئەحمەد عەجیل) فەرماندەی یەکەمیەتی و لە ئازاری 2013 دامەزراوە, لە بەیاننامەی ڕاگەیاندنیدا هاتووە : " لتکون کلمه الله هی العلیا، ونصره لدین الحق وأهله ودفاعا عن المستچعفین فی الٲرچ.. إما النصر أو الشهاده".**

**5. یەکینەکانی پاراستنی گەل:**

**ئەم هێزە لە هێزەکانی پەکەکە لە رۆژئاوای کوردستان پێکدێت ئەگەرچی لە سەرەتاوە وەک بەشیٚ: لە شۆرشی سوریا دژی بەشار ئەسەد ناسێنرا بەڵام دواتر پاش کۆنترۆڵ کردنی ناوچە**

**کوردییەکان لە روانگەی خۆیانەوە " بێ متمانەییان" بە سەرانی شۆرشی سوریا لەسەر مافەکانی کورد کۆنترۆلی ناوچەکانی کورد و حکومەتەکانی کانتۆنی کورد لە جزیرە و کۆبانی و عفرین دەکەن و تێکگیرانیان لەگەڵ ئەسەد نیە ئەوەش لە سەر بنەمای ڕێککەوتنی پەکەکە = ئێران و ئاگربەستی دوولایەنە تا کۆتایی شەری سوریا, ئەم هێزە لە لایەن (سالح موسلیم) ەوە سەرۆکایەتی دەکرێن و ژمارەی (40 تا 50.000) چەکداریان هەیە و ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستانیان کۆنترۆڵ کردووە.**

# لە شەڕی دژی بەشار ئەسەدەوە

# بۆ شەڕی ناوخۆیی

لەگەڵ قووڵبوونەوەی شۆڕشی گەلی سوریا دژی رژێمی بەشار ئەسەد ڕێکخراوە توندڕەوەکان لەو وڵاتەدا کەوتنە چالاکی, بەڵام لە ماوەی چەند مانگی ڕابردودا ناکۆکی ناوخۆیی رووی لەو لایەنانە کرد و لە ئێستاشدا ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ئەو هێزە چەکدارە ئیسلامییانە لە پەرەسەندندان و ئەم ناکۆکیانەش گومانەکانیان لەسەر چوونی گەنجانی جیهان بۆ سوریا زیاد کرد و لەو چوارچێوەیەشدا زانایەکی ناوداری ئاینیی بارودۆخی ئێستا ناو هێزە چەکدارە ئیسلامییەکان بە بەهێزترین هۆکار دەزانێت بۆ حەرامبوونی چوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ سوریا. ناکۆکییەکانی نێوان هێزە چەکدارە ئیسلامییەکانی ناو سوریا گەشتە ئاستێک

ململانێی توند و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوانیاندا ڕوویدا .

سەرەتای ناکۆکییەکان بە بڕیارێکی ئەیمەن زەواهیری سەرۆکی ڕێکخراوی قاعیدە دەستیپێکرد کاتێك لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوودا هەڵوەشاندندنەوەی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام – داعشی ڕاگەیاند و بێبەریبونی خۆیانی ئاشکرا کرد و بە تەنها دەوڵەتی ئیسلامیی عێراقی بە باڵی ڕێکخراوی قاعیدە ناساند.

لە تۆمارێکی دەنگیدا ئەیمەن زەواهیری سەرۆکی ڕێکخراوی قاعیدە بڕیاریدا ئەبوبەکر بەغدادی، سەرکردەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام تەنیا بەرپرسیاری عێراق بێت و لەژێر ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق بەردەوام دەبێ. هاوکات

**فاتیح محەممەد جۆلانی، سەرکردەی بەرەی نوسرە بەرپرسیاری جوولانەوەکانی ئەلقاعیدە بێت لە سووریا.**

## ئەیمەن زەواهیری:

**ساڵی 1951 لە میسر لە دایکبووە , کەسی دووەمی ڕێکخراوی قاعیدە بووە و پاش کوژرانی ئوسامە بن لادن لە لایەن ئەمریکاوە بۆتە ئەمیی گشتی ڕێکخراوی قاعیدە, ئەیمەن زەواهیری پزیشکە و ناوی لە ریزبەندە یەکەمەکانی ئەو لیستە 22 کەسیەی ئەمریکادایە کە بە گەورەترین تیرۆریستی جیهان ناسراون و 25 ملیۆن دۆلار تەرخان کراوە بۆ هەرکەس زانیاری لەسەر شوێنەکەی بداتە ئەمریکا,**

## ئەبو محەمەد جۆلانی:

**ناوەی تەواوی تا ئێستا نەزانراوە و بە شێخ محەمەد فاتیح جۆلانی ناسراوە, بە پێی چەند سەرچاوەیەك لەدایکبووی 1965 لە دایکبووە , لە 2003 ەوە لە**

**عێراق لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدە بووە و لە ساڵی 2011 ەوە چۆتە سوریا و بۆتە ئەمیری جەبهەی نوصرە کە بە باڵی سەرەکی ڕێ:خراوی قاعیدە لە شۆڕشی سوریا دادەنرێت و گەورەترین هێزی چەکداری ئۆپۆزسیۆنە.**

**لە تۆمارە دەنگییەکەی زەواهیریدا هاتووە: "ئەبوبەکر بەغدادی راوێژی بە ئێمە نەکرد و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام–ی دامەزراند، بەمەش هەڵەیەکی گەورەی کرد، هەڵەی شێخ فاتیح محەممەد جۆلانی–ش ئەوە بوو دوای رەتکردنەوەی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ رێکخراوی قاعیدە بڕی و بەبێ ئەوەی راوێژ بە ئێمە بکات ئەو رێکخراوەی رەتکردەوە".**

**لە بەرامبەردا ئەبوبەکر بەغدادی ئەمیری داعش روونکردنەوەیەکی بڵاوکردووەتەوە کە تێیدا بڕیارەکەی**

ئەیمەن زەواهیری، سەرکردەی ڕێکخراوی قاعیدە ڕەتدەکاتەوە.

ئەبو بەکر بەغدادی ئەمیری ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعیراق‌و شام ناسراو بە (داعش) سەر بەڕێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە لەتۆمارێکی دەنگیدا رایگەیاند، بەهەموو شێوەیەك فەرمانەکەی ئەیمەن زەواهیری سەرۆکی ڕێکخراوی قاعیدە بۆ هەڵوەشاندنەوەی داعش ڕەتدەکەنەوەو بەهیچ شێوەیەك پابەندی نابن‌و لەو بارەیەشەوە راپۆرتێك ڕەوانەی دەستەی سەرۆکایەتی ڕێکخراوی قاعیدە دەکات‌و تیایدا گرنگی مانەوەی ڕێکخراوەکەیان روون دەکاتەوە .

## ئەبوبەکر بەغدادی:

ئەبو بەکری بەغدادی ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق وشام ناوی تەواوی ئیبراهیم عەواد ئیبراهیم بەدریەو خەڵکی شاری سامەڕای سەربە پارێزگای

سەلاحەدینەو سەربە عەشرەتی ئەلبوبەدریە، هەڵگری بروانامەی بەکالۆریۆس وماستەرو دکتۆرایە لە زانکۆی ئیسلامی بەغداد و پێش پەیوەندیکردنی بە قاعیدەوە ئیمامی مزگەوتی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بوە لە سامەڕاو بە دکتۆر ئەبو دوعا ناسراو بوە، پێش پەیوەندی کردنی بە قاعیدەوە ئەمیری شەرعی سوپای ئەهلی سوننە وجەماعە بوە کە لەناوچەکانی سامەراو دیالەو سەلاحەدین بەربلاّوبون وپاشتر پەیوەندی کردوە بە مەجلیسی شورای موجاهیدین. ناوبراو لە 16.5.2010 وە ولەدوای کوژرانی ئەبو عومەری بەغدادی وئەبو ئەیوبی میسری وەك ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق دیاری کراو ساڵی پار ناوی دەوڵەتەکەی لە دەوڵەتی ئیسلامی عێراقەوە گۆری بۆ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق وشام.

# ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکان

# چیان بۆ گەلی سوریا خستەوە؟

## ڕێککەوتننامەی ئێران و پەکەکە (پەیەدەی سوریا)

**ئەگەرچی لە چەند ساڵی ڕابردوودا شەری بەردەوام لە نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و پارتی کرێکارانی کوردستان هەبووە و ڕێکخراوی پژاکی باڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پەکەکە رووبەرووبوونەوەی چەکداری بەردەوامی لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێراندا هەبوو بەڵام لەگەڵ فراوانبوونی شۆرشی سوریا, ئاگربەستی دوولایەنە لە نێوان ئێران = پەکەکە ئەنجامدرا بەرامبەر بە وەستانی چالاکییەکانی پەکەکە لە رۆژئاوای کوردستان – سوریا دژی رژێمی بەشار ئەسەد.**

**لەو رووەشەوە ئێران هاوکاری پەکەکە بکات لە رووی چەك و تەقەمەنییەوە بۆ رووبەرووببونەوەی هێزە چەکداری ئیسلامییەکان و قاعیدە و بەتاییەت ئەو هێزانەی لە لایەن تورکیا و وڵاتانی سونییەوە هاریکرای**

دەکرێن لە وێنەی بەرەی نوسرە. لەو ڕێککەوتننامە بڵاونەکراوەیەدا یەکینەکان پاراستنی گەل رازی بوون لە حوکمی خۆجێی ئۆتۆنۆمی لە رژێمی سوریا بۆ کوردستان لە بەرامبەردا پارێزگاری لە رژێمی سوریا و وەستانەوەی دژی شۆرشگێڕانی سوریا.

هەریەك لە حزب الله ی لوبنان و رژێمی بەشار ئەسەد ئاگاداری تەواو و بەشداری کارای ئەم ڕێککەوتنامەیەن

<u>ڕێککەوتننامەی تورکیا و بەرەی نوسرە</u>

ئەگەرچی وەك ڕێککەوتننامەیەکی نوسراو و بڵاوکراوە نیە بەڵام تەواوی هاریکارییەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ چەکدارانی بەرەی نوسرە لە سوریا دەچنە چوارچێوەی ڕێککەوتنامەی سیاسییەوە . بە پێی زانیارییەکانی کەناڵی جەزیرەی قەتەری تورکیا بواری فراوانی سەربازی و مەشق و راهێنان و چارەسەری بریندااران و هاریکاری چەکداری بۆ بەری نوسرە رەخساندوە لەبەرامبەردا بەرەی نوسرە دەبێت دژی رژێمی بەشار

**ئەسەد خەبات بكات و هەروەك دژی سوپاكانی شیعە مەزهەبی حزبولاّ و سوپای قودسی ئێرانی و لیواكانی ئەبولفەزڵی عەباس بوەستێتەوە .**

## ژمارەی قوربانییەكانی شۆڕشی سوریا

كوژراوەكانی رژێمی سوریا لە گەلی سوریا :

**بە گوێرەی ئامارەكان تا ئێستا زیاتر لە 40.000 لە جوندی و پۆلیسی رژێمی سوریا كوژراوان , نزیكەی 20.000 لە میلیشاكانی رژێم كوژراون و 1.000 بەرپرسی حوكمی كوژراون.**

كوژراوەكانی ئۆپۆزسیۆن و شۆرشگێڕان لە گەلی سوریا :

**تا ئێستا زیاتر لە 100.000 شۆرشگێڕ كوژراون كە لە ناویاندا (979) خۆپیشاندەر تۆماركراون.**

كوژراوانی وڵاتانی دەرەوە:

- **ئێران = 16 پاسدار كوژراون**

- **عێراق = 16 جوندی کوژۋاون**
- **لوبنان = 5 جوندی کوژراون**
- **تورکیا = 3 جوندی کوژراون**
- **ئەردەن = جوندییەك کوژراوە**
- **وڵاتانیتر = 1709 کەس کوژراون کە زۆربەیان فەلەستینین و 25 گەنجیان خەڵکی هەرێمی کوردستانن**

کۆی گشتی:

**بە گوێرەی روانگەی مافی مرۆڤە سوریا تا ئێستا (2014) نزیکەی 200.000 هەزار کەسی شەرکەر کوژراون و نزیکەی 150.000 گیانلەدەستدان تۆمارکراوە لە هۆی بۆردومان و شەرەکانەوە 5 ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی سوریا هەیە و 2.250.000 هاوڵاتی**

**ئاوارەی وڵاتانی دەرەوە بوون و زیاتر لە 130.000 هەزار کەس بێسەروشوێنن.**

# گەلی سوریا لە بەردەم ئایندەیەکی لێڵدا

وەك روونکرایەوە شەری سوریا لە شەڕی شۆڕشی خزمەتگوزاریەوە بۆتە شەڕێکی تایفی و مەزهەبی.

هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە زۆرترین زیانیان بە شۆرشی سوریا گەیاندووە و پاڵپشتییەکانی ئێران هۆکاری یەکەمی مانەوەی حوکمی بەشار ئەسەدن و بەشدارییەکانی رێکخراوی قاعیدە لە ڕێگەی گروپە چەکدارەکانییەوە زیانمەندی سەرەکی لاوازبوونی شۆرشی سوریان و قاعیدە گەورەترین زیانی لە شۆرشی سوریادا و پەکەکە دەیەوێت حوکمەتەکانی لەسەر فیکر و بیروباوەری ئۆجەلان دامەزرێنێت و دووربێت لە هەر نزیکبوونەوەیەکی ئیسلامی و یەکینەکانی پاراستنی گەل و بەرەی نوسرە چەند جارێك رووبەرووی یەکتر بوونەتەوە و ژمارەیەکی زۆر کورد لە نێویاندندا گەنجانی هەرێمی کوردستان کوژراون.

بارودۆخی سوریا بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەڕوات و وەك چۆن کۆنگرەی جنێف 2 تایبەت بە ڕەوشی سوریا بێ ئەنجام کۆتایی هات و چارەسەری هیچ قەیرانێکی سوریای پێنەکرا.

## چوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ سوریا

لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١١ و لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی سوریا دژی ڕژێمی بەشار ئەسەد سەرۆك کۆماری سوریا ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان دابەشبوون بەسەر شەش هێزی چەکداریدا، کە ئەوانیش بریتین لە :

- بەرەی نوسرە،
- سوپای ئازاد،
- دەوڵەتی ئیسلامی،
- ئەحرار ئیسلام،
- ئەنسار الاسلام،
- کتائب الحق

لە سەرەتای شۆڕشی سوریاوە، ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعەت، لە کۆمەڵێك فەتوادا شەڕی گەلی سوریایان دژی بەشار ئەسەدی سەرۆك

کۆمار بە " جیهاد" باسکرد و ئەوەش هاندانێکی گەورە بوو بۆ ڕۆیشتنی ژمارەیەکی زۆر گەنجان لە سەرتاسەری جیهانەوە بۆ سوریا و بەشاریکردنیان لەم " جیهاد"دا.

هەریەك لە شێخ سلێمانی عەلوان، شێخ محەمەد حەسان، شێخ ێادق بن محمد البیچانی و شێخ عبدالله الغنیمان ، بەشداریکردنی شەڕی سوریایان بە "جیهاد" زانی و هانی مسوڵمانانیان دا کە بەشداری لە "جیهاد"ە گەورەیەدا بکەن و هەروەها [١٠٧] زانایتر کە لە ناویاندا " دکتۆر یوسف قەرزاوی – ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانیانی ئیسلام" یبەدیدەکرێت، لە بەیاننامەیەکدا هاوکاری گەلی سوریا بۆ روخاندنی رژێمی ئەسەد بە " واجب" دەزانن.

لە کوردستانیشەوە لە سەرەتاوە تەنها مەلا کرێکار – ئەمیری پێشووی ئەنسارئیسلام کە ئێستا لە زیندانە لە نەرویج چوونی گەنجانی بۆ سوریا بە جیهاد زانی ،

بەلاّم لە تازەترین فەتوایدا مەلا کرێکار جۆرێك لە " پەشیمانبوونەوە"ی پێوە دیارە و داوا لە گەنجان دەکات کە لە جیاتی ئەوەی بچنە سوریا بۆ جیهاد هەولٚ بدەن خۆیان فێری زانستە شەرعییەکان بکەن.

خالید رەنجدەر برای مەلا کرێکار رۆژی یەکشەممە ٢٢-١٢-٢٠١٢ ئاشکرایکرد، لە سەردانیدا بۆ لای مەلا کرێکار، ئاماژەی بەوەکرد کە مەلا کرێکار وتوویەتی: "ئێستا بە پێی زانیارییەکان خەڵکی سوریا پێویستیان بە کەسی تر نییە. لەبەر ئەوە جیهاد لەسەر خەڵکەکانی تر فەرزولعەین نییە. " هەروەها وتی: " مادام لە سوریا چەند گروپێکی جیهادی هەیە، دەبیٚ ئەو گەنجەی بەنیازە بجێتە ئەویٚ، دوای چونی توشی شۆك نەبێت " و بە وتەی خالید رەنجدەر، مەلا کرێکار جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە " گەنجەکانی کوردستان باشترە گرنگی بدەن بە لایەنی شەرع و خۆ دەوڵەمەندکردن بە زانستە شەرعیەکان و کوردستان پێویستی بەوانە."

**سیٚ لایەنە ئیسلامییەکەی هەرێمی کوردستانیش بێبەریبوونی خۆیان لە "هاندان"ی گەنجان بۆ رۆیشتنیان بۆ سوریا راگەیاند، هەر یەك لە کۆمەڵی ئیسلامیی و یەکگرتووی ئیسلامیی بە فەرمی "چوونی گەنجانیان بۆ سوریا بە خراپ وەسفکرد" و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانیش ئەگەرچی ئەندامێکی سەرکردایەتیەکەی بە ناوی " عوسمان سەید ئەحمەد" بە هۆی هاندانی گەنجان بۆ چوونە سوریا لە لایەن ئاسایشی هەڵەبجەی شەهید و بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکرا بەڵام عیرفان عەلی عەبدولعەزیز رابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامیی رایگەیاند: "لەگەڵ ئەوە نین گەنجانمان بچنە سوریا بۆ بەشداریکردن لەشەڕ، بۆ ئەوکەسانەی هاوڵاتی سورین و دژی رژێمی ئەسەد شەڕ دەکەن جیهادە، بەڵام بۆ گەنجانی ئێمە جیهاد نییە".**

**بە پێی زانیارییەکان تا ئێستا زیاتر لە ٣٠٠ گەنجی هەرێمی کوردستان چوونە سوریا و پەیوەندییان بە**

**بەرەی نوێرە و ڕێکخراوەکانیترەوە کردووە و دەستیانکردووە بە "جیهاد" دژی ڕژێمی سوریا و تا ئێستاش ١٦ لە گەنجانە کوژراون، کەم ئەم ڕاپۆرتە شیکارییە وردەکاری ژیاننامە و چوون و کاتی کوژانیان بڵاودەکاتەوە.**




## مێژووی هێزی چەکداری لە هەرێمی کوردستاندا

**ساڵی ١٩٧٨ پاش چوونی ژمارەیەك زانایانی ئایینی بۆ کوردستانی رۆژهەڵات  یەکەمین هێزی چەکداری ئیسلامیی بە ناوی "لەشکری قورئان" لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە رابەرایەتی " شێخ محەمەد بەرزنجی" دروستکرا کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بە " بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی کوردستان" و ساڵی ١٩٨٧ پاش جیابوونەوەی خەتەکانی ئیخوان موسلمین لەگەڵی ژمارەیەك لە ئەندامانی ئیخوان موسلمین "بزووتنەوەی**

**ئیسلامیی کوردستان" یان دروستکرد و شێخ عوسمان عەبدولعەزیز کرایە رابەری گشتی ئەو بزووتنەوە ئیسلامییە.**

**لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا لە ململانێی فیکری نێوان باڵەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا دوو رێکخراوی ئیسلامی توندڕەو راگەیەنران کە بریتیبوون لە "بزووتنەوەی حەماس" بە سەرۆکایەتی عومەر بازیانی و "بزووتنەوەی تەوحید"بە سەرۆکایەتی حەسەن سۆفی کە ساڵی ٢٠٠٠ لە هەڵەبجە کوژرا.**

**بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستانی عێراق کە خاوەنی نزیکەی ٥٠٠٠ چەکدار و ١٨ هێزی سەربازی بوو دەڤەری هەڵەبجە و هەورامان شارەزووری کۆنترۆڵ کردبوو،پاش یەککگرتنیشی لەگەڵ بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامیی لە ساڵی ١٩٩٩ بە سەرۆکایەتی مەلا عەلی عەبدولعەزیز بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی ، هێزی**

**چەکداری ئیسلامیی لە هەرێمی کوردستاندا فراوانتر کرد.**

**پاش کۆنگرەی یەکەمی بزووتنەوەی یەکبوون، ململانێی باڵەکانی ناو ئەم بزووتنەوەی چەکدارییە فراوانتربوون و بە تەقینەوەی بزووتنەوەکە لە ٣١-٥-٢٠٠١ گیرسایەوە و بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیی دابەش بوو بەسەر: " کۆمەڵی ئیسلامیی بە سەرۆکایەتی عەلی باپیر، بزووتنەوەی ئیسلامیی (کوڕانی مەلا عەلی عەبدولعەزیز)، هێزی دوی سۆران بە سەرۆکایەتی ئاسۆ هەولێری، ڕەوتی ئیسلاح بە سەرۆکایەتی مەلا کرێکار، بێلایەنەکان بە سەرۆکایەتی محەمەد بەرزنجی" ،دواتریش ئەم هێزە چەکدارانە یەکیانگرت و سێ هێزی ئیسلامی لە مەیدانەکەدا مانەوە کە بریتیبوون لە " عەلی باپیر و بێلایەنەکان یەکیانگرت و بوونە کۆمەڵی ئیسلامیی "، " "بزووتنەوەی ئیسلامیی " و " ئەنیارلئیسلام (ڕەوتی ئیسلاح و هێزی سۆران و**

**بزووتنەوەی تەوحید و بزووتنەوەی حەماس) بە سەرۆکایەتی مەلا کرێکار".**

**لە مانگی ئازاری ٢٠٠٣ لەگەڵ هاتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ شەڕی عێراق و بە موشەکبارانکردنی ئەنێارئیسلام لە ناوچەی هەورامان کۆتایی بە هێزی چەکداری ئیسلامیی هات و هەریەك لە کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان ( کە لەو موشەکبارانانەدا ئەگەرچی لایەنێك نەبوون لە شەڕەکە بەڵام ٤٣ پێشمەرگەیان کوژران و نزیکەی ١٠٠ کەسیان بریندار بوون ) و بزووتنەوەی ئیسلامیی چەکەکانیان تەسلیمی هێزەکانی ئەمریکا کرد و بوونە هێزی سیاسی و ئێستاش کۆمەڵی ئیسلامیی بە شەش کورسی و بزووتنەوەی ئیسلامیی بە یەك کورسی پەرلەمانی کوردستان بەشداری پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستانن.**

# گەنجانی هەرێم لە سوریا

مانگ دووی ساڵی ٢٠١٣ یەکەمین زانیاری رۆژنامەوانی لەسەر چوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ سوریا ئاشکرا ئەوەش پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوژرانی هاوکار محەمەد لە شەڕی فرۆکەخانەی حەلەب.

بە گوێرەی زانیارییەکانی دەزگای دژە تیرۆری هەرێمی کوردستان تا نزیکەی ٦٠٠ گەنجی هەرێمی کوردستان چوونەتە سوریا.

بەڵام گەنجێکی خەڵکی هەڵەبجەی شەهید کە ئێستا لە ناوچەی رقە "موجاهید"ی بەرەی نوسرەیە لە دیمانەیەکی تایبەتدا رایگەیاند (گۆڤاری سڤیل 2013)، نزیکەی ٨٠ کەس دەبین لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمەوە ئەم رێگایەمان هەڵبژاردووە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر کوردیتر لە ئەوروپا و پارەچەکانیتری کوردستانەوە هاتوونەتە جیهاد.

**ئەو گەنجە هەڵەبجەییە کە خۆی بە زەید کوردستانی ناساند، دەربارەی ژیان و گوزەرانی گەنجانی کوردستان لە سوریا رایگەیاند: " شوێنی مانەوە و خۆراك و پۆشاکمان زۆر باشە، ئەوەش زیاتر لە ئەنجامی ئەوەی ئەو دەستکەوتانی شەر ، زۆر زۆر باش بوون، شوێنی وامان گرتووە کە زۆر زۆر خۆشن و هی بەرپرسەکانی رژێمەکەی بەشار ئەسەد ڤێلا و خانووی زۆرمان هەیە، ئێمەش وەك "غەنیمەت" سودیان لێوەردەگرین خۆمان خواردن دروست دەکەین و ژیانمان لە ئاستێکی زۆر باشدایە."**

**ئەو گەنجانەی چوونەتە سوریا، ئەو کەشوهەوایەی لێی دەژین بە شوێنێکی "ئازاد و لەبار" دەزانن بۆ ئەوەی دژایەتی و رقی خۆیان بۆ هێزە عەلمانییەکانی کوردستان دەرببڕن، لە تۆمارێکی ڤیدیۆییدا کە بە زمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە، ئەو گەنجانە هەڕەشە لە**

**پارتی و یەکێتی و هێزە عەلمانییەکانی کوردستان دەکەن.**

**بەشێك لە هۆکارەکانی چوونی گەنجانی هەرێم بۆ سوریا:**

- **نەبوونی ئازادی تەواو لە کوردستاندا بۆ مومارەسەری ئیسلامیی موتەدەین, وەك ریش هێشتنەوە و سیواك کردن و مانەوە لە مزگەوتەدا و ... تاد.**
- **بێکاری و مانەوەی ئەو گەنجانەی زانکۆ و پەیمانگا تەواو دەکەن.**
- **کاریگەربوونیان بە بینینی دیمەنە دڵتەزێنەکانی کوژران منداڵ و ژنەکانی سوریا لە لایەن رژێمی وسوریاوە.**
- **کاریگەربوونیان بە فەتواکانی جیهاد و وەرگرتنی پلەکانی بەهەشت.**

- **کێشەی دارایی و کێشەی دەروونی و کێشەی کۆمەڵایەتی ( بە شێوەی دەگمەن).**
- **حەماسەت و زۆر دڵسۆزییان بۆ ڕێبازی ئیسلام.**
- **کاریگەربوونیان بە شەهیدبوونی سەرکردە باڵاکانی ئیسلامییەکانی کوردستان و بە قسەی خۆیان تۆڵەنەکردنەوەی ئەو ڕووداوانە لەوانەش ( شەهیدکرانی مامۆستا عەبدوڵڵای قەسریٚ) و وەزعی خراپی ژیانی مامۆستا کرێکار.**

**لە ماوەی ڕابردوودا سایتی (کوردستان تریبیون) لە دوو راپۆرتدا هەندێك زانیاری لەسەر ئەو گەنجانە بلاُو کردبوویەوە کە چوونەتە سوریا و بە گوێرەی سایتەکە کە لە لەندەننی پایتەختی بەریتانیاوە بەڕێوەدەبرێت، ئەو گەنجانە زیاد لە هۆکارێکیان بۆ چونە سوریا باسکردووە، و ئەوان جیاوازی ناکەن لە نێوان کوردێکی مسوڵمان و عەرەبێکی مسوڵمان و هەردووکیان بە برا دەزانن هەروەك لەبەر ئەوەی پەیەدە و یەپەگە ڕێگرییان**

**لێدەکەن لە شەڕی رژێمی بەشار ئەسەد ئەوان ئامدەن روەبەڕووی کوردەکانیش ببنەوە**

**یەکێك لەو گەنجانەی لە هەڵەبجەی شەهیدەوە هەزاران کیلۆمەتر رێگەی بڕی تا بگاتە حەلەب، پێی وایە ئەوان رێگای " جیهاد" یان هەڵبژاردووە، (زید الكردی) نازناوی ئەو گەنجە هەڵەبجەییە کە لە یەکێك لە بارەگا سەربازییەکانی نوێرەدا وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوە، " ئێمە نزیکەی ٨٠ کەس دەبین لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمەوە ئەم رێگایەمان هەڵبژاردووە، من مانگی ٣ی ٢٠١٣ رۆشتم، هیچ کێشەیەکمان نەبوو ، بێ هیچ کێشەیەك گەشتینە شوێنی مەبەستی خۆمان لای برا موجاهیدەکانمان.**

**زەید کوردی روونیشیکردەوە ، ژمارەی کوردەکان زۆرن ، لە پارچەکانیتری کوردستانیشەوە هاتوون، لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لە باکوری کوردستانەوە ،**

**هەروەك زۆریشمان هەن لە رۆژئاوای کوردستان یانی لە سوریا و شام دژی بەشار ئەسەد لە جیهادان، هەر کەس هاتووە بە پێی ناسراوی دابەش بووە، هاورێ و دۆست و ناسراوەکان زۆربەیان لە کەتیبەیەکی هاوشێوەدان.**

**لە ناو ئەو گەنجانەدا کە چوونە سوریا ژمارەیەکیان بوونە فەرماندەی بالاّ و دەورەی گرنگ و بەهێزیان پێدراوە لە شۆرشدا، بە گوێرەی زانیارییەکان هەر یەك لە سامالْ کۆساری و عوسمان حەمە تۆفێق کە ناسراوە بە ابو عبدالحق، لەو فەرماندە کوردانە بوون لە ناو ریزەکانی بەرەی نوێرەدا بەرپرسیارییەتی گەورەیان پێدراوە و سامالْ کۆساری ، فەرماندەی بالاّی ریزەکانی پێشەوەی حەلەب بوو لە شەرەکانی دژی بەشار ئەسەد.**

**ئەو گەنجانەی چوونەت سوریا تەمەنیان لە نێوان ١٦ تا ٢٥ سالّیدایە، بۆیەش هیچ زانیارییەکیان لەسەر شێوازی بەکارهێنانی چەك و جۆرەکانی چەك نەبووە**

بەلاّم لەگەڵ گەشتینیاین بە کەمپەکانی بەرەی نوێرە لە سوریا مەشقیان پێکراوە، گەنجێکی کورد لو سوریا راگەیاند: " مەشقەکان هەموو لە ناو خاکی سوریادا ئەنجام دەدرێن و ژمارەیەکی زۆر مەعەسکەر سازکراون، مەشق و راهێنانەکان جیاوازن کە هاتین هەموومان مەشقمان بینیوە"، ئەو گەنجە وتیشی: " مەشقی ٦ مانگی، ٣ مانگ ، ١٥ رۆژی بە پێی توانای موجاهیدان و لە لایەن کەسانی بە تواناوە راهێنانمان لە سەر جۆری چەکەکان پێدەکرێت بۆ بەشداریکردن لە رووبەرووبوونەوەکاندا. هەر لەگەڵ مەشقەکاندا و دواتریش لە ناو بارەگاکاندا شەو نوێژ و عیبادەتمان زۆر باشە ، هەیئەی شەرعی سەرپەرشتی نوێژ و وانە شەرعییەکان دەکەن."

لە ئازاری ٢٠١٣ و لەگەڵ هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق هێزە چەکدارەکانی ئەنێار ئیسلام زۆرینەیان لە ناو بران و ئەوانەش کە مان ئاوارەی وڵاّتانی دراوسێ

بوون و هەندێکیان دواتر گەڕانەوە بۆ باشور و ناوەڕاستی عێراق و بەشێکیشیان پەیوەندییان کردەوە بە ڕێکخراوە قاعیدەی جیهانییەوە، بە وگێرەی زانیارییەکان ئێستا لە سوریا ڕێکخراوی ئەنێار ئیسلام دروستکراوەتەوە کە زۆربەی ئەندامەکانی کوردن و گەنجێکی هەرێمی کوردستان بە ناوی (ئەبو ئەیوب الکوردی) سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەیە.

لە چەند هەفتەی رابردوودا لە پارێزگای سلێمانی هێزە ئەمنییەکان دەستیانکردە هەڵمەتێکی چڕوپڕی پشکنینی حوجرەی مزگەوتەکان و ژمارەیەك کەسیشیان دەستگیرکردووە بە تایبەی ئەو کەسانەی گوماندەکرێ هاندی گەنجانی هەرێمی کوردستانیان دابێ بۆ چوونە سوریا.

شەوی 18/ 19-12-2013 ئاسایشی سلێمانی لە چەند کاتێکدا چوویە ژمارەیەك حوجرە لەوانەش

(مزگەوتی شێخی سیریٚ، مزگەوتی چاڵەکە، مزگەوتی محەمەدی حاجی رەشید) و بە گوێرەی راگەیاندراوی ئاسایشی سلێمانی ئەو رووداوە بۆ دەسختنی زانیاری بووە و کۆمەڵێك بەڵگەنامەیان دەستکەوتووە، ئاسایشی سلێمانی رایدەگەیەنێت: بەپێی یاساو ووردتر کارکردن بەپێی ماددەی حەوت لە یاسای ژمارە پێنجی دەرچوی ساڵی 2011 تایبەت بە دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان کەتێیدا هاتووە.

پاش چەند رۆژێکیش لەو رووداوە لە شاری هەڵەبجەی شەهید ئاسایش بە تۆمەتی هاندانی گەنجانی کورد بۆ سوریا عوسمان سەید ئەحمەد ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانیان دەستگیرکرد.

هەر لەو بارەیەوە هەرسیٚ لایەنە ئیسلامییەکەی کوردستان و وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی ئایینی هەرێمی کوردستان نیگەرانی خۆیان راگەیاند

وئیدانەی ئەو جۆرە مامەڵەیەی هێزەکانی ئاسایشی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیان کرد بۆ سەر زانایانی ئایینی و مزگەوت و حوجرەکان.

لە چەند سەرچاوەیەکی ئەمنییەوە ئەوەی زانیوە کە پرۆسەی چوونە دەرەوەی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ سوریا بەردەوامی هەیە و ژمارەیەی ئە وگەنجانەی کە چوونە سوریا بۆ شەڕ دژی بەشار ئەسەد لە بەرزبوونەوەدایە.

گەنجێکیتری کوردستان کە بە وتەی خۆی، لە ویلایەتی ریقەی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام (سوریا) "موجاهید"ی بەرەی نوسرەیە رایگەیاند: ئێمە لە هەرێمی کوردستان هیچ مافێکی ئازادیمان وەك گەنج نیە، پرسیاری هەموو شتێکمان لێدەکرا، من بۆ خۆم زانکۆم تەواو کردووە و دوو ساڵە لە ماڵەوە بێکارم،

**نەمدەتوانی بە ئازادی بچمە مزگەوت، بۆیەش ڕێگای جیهادم هەڵبژارد".**

## حەرامبوونی چوونی گەنجانی هەرێم بۆ سوریا

ئەو گەنجانەی هەرێمی کوردستان کە دەچنە سوریا بەسەر هێزە چەکدارە ئیسلامییەکاندا دابەشبوون بە تایبەت بەرەی نوصرە و داعش , ناکۆکییەکانی نێوان لایەنەکانیش بریندابوونی ژمارەیەك لە گەنجانی هەرێمی کوردستانی لێکەوتۆتەوە.

گەنجێکی کورد لە ناوچەی حەلەب کە خۆی بە ابو محمد کوردستانی ناساند ڕاگەیاند: ئەو ناکۆکیانە زیاتر لە سەر شێوازی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکەکان بوون ئەگینا هەمووماندژی بەشار ئەسەدی دیکتاتۆر خەبات دەکەین.

ئەو گەنجە وتیشی: لە رووبەرووبوونەوەکاندا دوو برامان برینداربوون بەڵام ئێستا چاك بوونەتەوە و چارەسەریان بۆ کراوە.

**گەنجێکیش کە ماوەی چەند مانگێك لە سوریا بووە و ئێستا گەڕاوەتەوە هەرێم ئەگەرچی ئامادەنەبوو بە هیچ شێوەیەك ناوی خۆی بڵێت روونیکردەوە: ئەو شەڕانەی سوریا ئامانجی خۆیان وونکردووە و بە هیچ شێوەیەك جیهاد نیە.**

**ئەو گەنجە کە ماوەی 8 مانگ لە سوریا بووە و بەشداری مەشقەکانی بەرەی نوسرەی کردووە و لە چەند رووبەرووبوونەوەیەکدا بەشداریکردووە ڕاشیگەیاند: بە تەواوەتی بۆم روون بوویەوە کە لە دوای ناکۆکییە ناوخۆییەکانەوە بوونی ئێمە لە سوریا هیچ شەرعیەتێکی نەماوە چوونکە بوبووینە سەر ئێشە بۆ گەلی ستەمدیدەی سوریا.**

**باسیلەوەشکرد کە هەڵسوکەوتی ئەو هێزە ئیسلامییانە لەگەڵ خەڵکدا زۆر خراپ بوو بە تایبەت ئەگەر بیانزانیایە ئەو کەسانە نوێژ ناکەن .**

هەر سەبارەت بە چوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ جیهاد لە سوریا مەلا شاخەوان کەریم سەعید زانای ناوداری شاری سلێمانی کە ماستەری لە زانستی فەرموودەدا هەیە ڕایگەیاند: چوونی گەنجانی کورد بۆ سوریا لە چەند ڕوویەکەوە پێچەوانەی شەرعە و حەرامە.

ئەو زانا ئایینیە ڕوونیشیکردەوە, پێموایە خەڵکی ستەمدیدەی سوریا پێویستیان بە هاوکاری مادی هەیە بەڵام پێویستیان بە غەیری خۆیان نیە شەڕیان بۆ بکات.

جەختیشیکردەوە بە هۆی ئەوەی چوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ سوریا بووەتە هۆی ئەوەی ڕژێمی سوریا بەردەوام بێت و کێشەکان یەکلانەبوونەتەوە , هەروەها بەکارهێنانی ئەو گەنجانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی مسوڵمان , بە هەموو شێوەیەك چوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ سوریا

ڕەت دەکەمەوە پێم وایە حەرامە گەنجانی کورد بە ناوی جیهادەوە بچنە سوریا.

بە گوێرەی زانیارییە رۆژنامەوانییەکان تا ئێستاش (2014) پرۆسەی چوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ سوریا بەردەوامە و ژمارەی ئەو گەنجانەش لە زیادبووندان , ئەگەرچی ئامارەکانی دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان باسلەوە دەکەن کە نزیکەی 400 گەنجی کورد لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك چوونەتە سوریا بەڵام کاروان خانەقینی سەرنوسەری سایتی دوربین سەر بە رەوتی مەلا کرێکار کە تایبەتە بە هەواڵی ڕێکخراوە جیهادییەکان باسلەوە دەکات کە ژمارە ئەو گەنجانەی چوونە سوریا لە نێوان 800 کەس تا 1000 کەس دەبێت.

بە گوێرەی زانیارییەکان و لە میانەی بەدواداچوونی لەسەر " چوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ

سوریا" دەردەکەوێت کە گەنجانی کورد لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانەوە چوونەتە سوریا و بەشداری جیهادی گەلی سوریا دژی بەشار ئەسەد دەکەن: ( پارێزگای سلێمانی : زیاتر 260 کەس, پارێزگای هەولێر: زیاتر لە 85 کەس, پارێزگای دهۆك: نزیکەی 40 کەس)

بەڵام کاروان خانەقینی سەرنوسەری سایتی دوربین لە سایتەکەیدا رایگەیاندووە کە ئامارێکی ورد کە بەتەواوەتی ژمارەی ئەو کوردانەی گەشتونەتە شام چەندە،بەداخەوە نازانم،بەڵام بەپێی بەدواداچون و ئەو ووردەکاریانەی بیستومەتەوە ژمارەی سەرجەم کوردەکانی باشوری کوردستان کەبۆ بەشداری جیهادی شام ڕویان لەوێ کردوە یان بۆ کاری مرۆیی ژمارەیان لە نێوان 800 کەس تا 1000 کەس دەبێت.

**کاروان خانەقینی کە براگەورەی یەکەمین گەنجی کوردە کە بە ناوی (هاوکار محەمەد) لە سوریا کوژرا باسلەوەشدەکات کە کوردەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی بەسەر 4 گروپی جیهادیدا دابەش بوون، بەشی گەورەیان لەناو بەرەی نوسرەدان و بەشێکیان لەناو دەوڵەتی ئیسلامی عێراق وشامدا وهەندێك لەناو بزووتنەوەی ئەحرار شام وهەندێکیشیان لەناو ئەنساردان، تاك وتەراش هەیە کەوتۆتە لای کەتیبەی موهاجیرین وئەنسار یان کەتیبەی ملە ئیبراهیم و کەتیبەکانی تر. هۆکاری پەیوەست بون بە بەرەی نوسرەوە دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی هێزی ئەو بەرەیەو بونی کەسانی کورد لە سەرکردایەتیەکەیدا.**

**کوردەکانی باشور تەنها لەناو دەوڵەتی ئیسلامی عێراق وشامدا گروپی تایبەت بە خۆیان هەیە و پێکەوە کار دەکەن،لەناو گروپەکانی تردا گروپێکی تایبەت نیە بە کوردەکان،پێدەچێت هۆکاری کۆکردنەوەی کوردەکانیش**

**لەناو گروپێکدا لەلایەن داعشەوە پەیوەندی بە ئەجینداى ئەو گروپەوە هەبێت سەبارەت بە کاری ئایندەی لە کوردستان.**

# ئەو فەتوایانەی بوونە

# هاندەری چوونی گەنجان بۆ سوریا:

لە سەرەتای شۆرشی سوریاوە، ژمارەیەکی زۆر لە زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعەت، لە کۆمەڵێك فەتوادا شەڕی گەلی سوریایان دژی بەشار ئەسەدی سەرۆك کۆمار بە " جیهاد" باسکرد و ئەوەش هاندانێکی گەورە بوو بۆ ڕۆیشتنی ژمارەیەکی زۆر گەنجان لە سەرتاسەری جیهانەوە بۆ سوریا و بەشاریکردنیان لەم " جیهاد"دا. هەریەك لە شێخ سلێمانی عەلوان، شێخ محەمەد حەسان، شێخ صادق بن محمد البیزانی و شێخ عبدالله الغنیمان ، بەشداریکردنی شەڕی سوریایان بە "جیهاد" زانی و هانی مسوڵمانانیان دا کە بەشداری لەو "جیهاد"ە گەورەیەدا بکەن و هەروەها ١٠٧ زانایتر کە لە ناویاندا " دکتۆر یوسف قەرزاوی – ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانیانی ئیسلام" بەدیدەکرێت، لە

بەیاننامەیەکدا هاوکاری گەلی سوریا بۆ روخاندنی رژێمی ئەسەد بە " واجب" دەزانن.

زانای ناوداری ئیسلامی الشیخ سلیمان العلوان (2) لە فەتوایەکیدا ڕایگەیاند: "قتال النصيريين والعلويين وعساكر بشار في سوريا واجب بالكتاب والسنة والإجماع، وهو اليوم جهاد من أعظم أنواع الجهاد ولو لم نتمكن من إقامة شريعة إلهية فإن قتل هولاء المرتدين المفسدين في الأرض الوالغين في الحرمات والأعراض أهل الفجور والعدوان غاية مقصودة للشارع، ويجوز قتل الواحد المقدور عليه منهم ولا يشترط لقتالهم شرط ولا تجب له راية."

ڕابیتەی زانایانی مسوڵمان لە کۆنگرەیەکدا بە ناونیشانی (ڕۆڵی زانایان لە سەرخستنی سوریادا)(3) لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: "وجوب الجهاد لنصره إخواننا فى سوريا، بالنفس والمال والسلاح، وكل أنواع

الجهاد والنصرة وما من شأنه إنقاذ الشعب السوري من قبضة النظام الطائفي".

هەروەك شێخ محەمەد حەسان (4) زانای ناوداری سەلەفی لە بەیاننامەیەكدا ڕایگەیاند: "ان ما يجري في ارض الشام من عدوان سافر من النظام الايراني وحزب الله وحلفائهم الطائفيين يعد حربا معلنة على الاسلام والمسلمين".

هەروەها كۆنگرەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و مسوڵمانان و ئەنجومەنی هاریكاری كەنداو و ڕێكخراوی هاریكاری ئیسلامی و جامیعەی عەرەبی (5) (المؤتمر حكومات الغرب والمسلمين ومجلس التعاون الخليجي ومنظمة التعاون الاسلامي والجامعة العربية) هەڵوێستی توندی خۆیانلەسەر ڕژێمی سوریا بڵاو كردەوە و بەشار ئەسەدی سەرۆك كۆماری سوریایان بە (المجرم) ناوزەد

**کرد و داوای پشتیوانی گەلی سوریایان کرد لە ڕێگەی هەڵگرتنی چەکەوە.**

**یەکێکیتر لەو زانایانەی کە لەمبارەیەوە فەتوای خۆی ڕاگەیاند و لە لایەن گەنجانی مسوڵمانەوە پشتی پێدەبەسترێت, شێخ صادق بەیزانی سەرپەرشتیاری کەناڵی (الاپر) ە (6) : "إن كان أهل البلاد الإسلامية التي قاتلها الكفار غير مستطيعين في الدفاع عن بلادهم وأعراضهم وأموالهم وقد انتهكها الكفار فيلزم وجوبًا على المسلمين جميعاً القتال في سبيل الله ونصرة إخوانهم الضعفاء وقد ذكرنا تفاصيل ذلك في كتابنا "الجهاد في الشريعة الإسلامية" وكما لا يخفى عليكم أن الدولة النصيرية في سوريا كافرة وظالمة ومستبدة ويلزم قتالها، ، ولكن يا إخواني تأكدوا هل هناك إمارة وراية واضحة في سوريا تقاتلون في صفها، أم أن المسألة فوضى وذهاب أرواح ولا يدري المقاتل من أميره؟! ومع من يقاتل؟! "**

لە کوردستانیشەوە لە سەرەتاوە تەنها مامۆستا کرێکار (7)– ئەمیری پێشووی ئەنسارئیسلام کە ئێستا لە زیندانە لە نەرویج چوونی گەنجانی بۆ سوریا بە واجب زانی ، بەلآم لە تازەترین فەتوایدا مامۆستا کرێکار جۆرێك لە " پەشیمانبوونەوە"ی پێوە دیارە و داوا لە گەنجان دەکات کە لە جیاتی ئەوەی بچنە سوریا بۆ جیهاد هەوڵ بدەن خۆیان فێری زانستە شەرعییەکان بکەن. خالید رەنجدەر برای مامۆستا کرێکار رۆژی یەکشەممە ٢٢-١٢-٢٠١٢ ئاشکرایکرد، لە سەردانیدا بۆ لای م. کرێکار، ئاماژەی بەوەکرد کە م.کرێکار وتوویەتی: "ئێستا بە پێی زانیارییەکان خەڵکی سوریا پێویستیان بە کەسی تر نییە. لەبەر ئەوە جیهاد لەسەر خەڵکەکانی تر فەرزولعەین نییە. " . هەروەها وتی: " مادام لە سوریا چەند گروپێکی جیهادی هەیە، دەبێ ئەو گەنجەی بەنیازە بجێتە ئەوێ، دوای چونی توشی شۆك نەبێت " و بە وتەی خالید رەنجدەر، مامۆستا کرێکار

**جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە " گەنجەکانی کوردستان باشترە گرنگی بدەن بە لایەنی شەرع و خۆ دەوڵەمەندکردن بە زانستە شەرعیەکان و کوردستان پێویستی بەوانە".**

**سێ لایەنە ئیسلامییەکەی هەرێمی کوردستانیش بێبەریبوونی خۆیان لە "هاندان"ی گەنجان بۆ رۆیشتنیان بۆ سوریا راگەیاند، هەر یەك لە کۆمەڵی ئیسلامیی (8) و یەکگرتووی ئیسلامیی بە فەرمی "چوونی گەنجانیان بۆ سوریا بە (ناباش) وەسفکرد ." بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانیش ئەگەرچی ئەندامێکی سەرکردایەتیەکەی بە ناوی " عوسمان سەید ئەحمەد" بە هۆی هاندانی گەنجان بۆ چوونە سوریا لە لایەن ئاسایشی هەڵەبجەی شەهید و بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکرا بەڵام عیرفان عەلی عەبدولعەزیز رابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامیی رایگەیاند: "لەگەڵ ئەوە نین گەنجانمان بچنە سوریا بۆ بەشداریکردن لەشەڕ، بۆ**

**ئەوکەسانەی هاوڵاتی سورین و دژی رژێمی ئەسەد شەڕ دەکەن جیهادە، بەڵام بۆ گەنجانی ئێمە جیهاد نییە."**

**بە پێی زانیارییەکان گەنجانی هەرێمی کوردستان چوونە سوریا و پەیوەندییان بە بەرەی نوسرە و رێکخراوەکانیترەوە کردووە و دەستیانکردووە بە "جیهاد" دژی رژێمی سوریا و تا ئێستاش ١٦ لە گەنجانە کوژراون، کەم ئەم راپۆرتە شیکارییە وردەکاری ژیاننامە و چوون و کاتی کوژانیان بڵاودەکاتەوە.**

# چیرۆکە ئاڵۆزەکە ...

## ئەو گەنجانە چۆن دەگەنە سوریا؟

ئەگەرچی دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان زیاتر گەشتوگوزار بە ڕێگای چوونە سوریای گەنجانی هەرێمی کوردستان دەزانن , کە لە ڕێگەی تورکیاوە دەچنە سوریا , بەڵام چەند ڕێگەیتری چوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ سوریا ئاشکرا دەکات.

لاهور شێخ جەنگی لێپرسراوی ئاژانسی پاراستنو زانیاری هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندبوو کە زۆربەی ئەو گەنجانەی لە هەرێمی کوردستانەوە چوونەتە سوریا لە ڕێگەی گەشتوگوزار ەوە چوونەتە تورکیا و لەوێشەوە چوونەتە سوریا.

هەروەك کۆسرەت عەبدوڵڵای تەمەن (20ساڵ)، کە یەکێکیترە لەو گەنجانەی چۆتە تورکیا بە نیازی چوون

**بۆ سوریا بەڵام گەڕاوەتەوە چیرۆکی چوونی ئەو گەنجانەی بۆ سوریای دەگێڕێتەوە**

**ئەو گەنجەی خەڵکی سلێمانی لە تۆمارێکدا کە ڕاگەیاندنەکانی پەکەکە بڵاویانکردەوە باسی ئەوەدەکات بۆ ئەم سەفەرەی ماتۆڕەکەی دەفرۆشێت، ڤیزا و تکیتی تورکیای وەردگرتووە و بەرەو تورکیا بەڕێکەوتووە, بۆ کەسێك کە زمان نەزانێت قورس بوو بگاتە ئەنتاکیا (یەکێکە لەشارە هاوسنورەکانی تورکیا لەگەڵ سوریا) لەوێشەوە بۆ ئەوماڵەی کە بڕیاربوو تیایدا فێری قورئان بن. کۆسرەت لەفڕۆکەخانەی تورکیاوە پەیوەندی بەحوزیفەوە دەکات (کە پێشتر لە سلێمانی جارێك بینیویەتی) وەك ڕێبەری بۆ ئەو گەشتەی، حوزەیفە پێی وتم :"یەکێك دێت سیواکێکی پێیە بەرزی دەکاتەوە ئەوە ئەو کەسەیە دەتبات بۆ ماڵەکە«." کۆسرەت کە مامی لەخۆشەویستی کۆسرەت رەسوڵ ناوی ناوە، لە ئەنتاکیا دەچێتە ماڵێکی گەورە کۆمەلێك قوتابی کە ژمارەیان**

(25) کەس بون لەوێ بون کە زۆربەی ئەو قوتابیانە عەرەبی سوری و تورك بوون"، کە دوو وانەی تایبەتن بەئاینی ئیسلام. دواتر پاش مانەوەی چەند رۆژێك لەوێ تەلەفۆنێکی لە یەکێك لە هاوڕێکانیەوە بۆ سوریا بۆ دێت و داوای لێدەکات بگەڕێتەوە کوردستان چونکە ئەوە جیهاد نیە.

بەڵام گەنجێکیتری هەرێمی کوردستان کە بە ناوی (ئوسامە کوردی) ئێستا لە ناو بەرەی نوصرەدایە , ئاشکاریکرد: هاتنی گەنجانی کورد بۆ سوریا بۆ "جیهاد" زۆر ئاسانە و چەندین ڕێگە هەیە.

ئوسامە کوردی وتیشی: لە ڕێگەی فرۆکەخانەکانەوە دێیتە تورکیا لەوێشەوە بۆ سوریا, یان لە ڕێگەی مەرزەکانی کوردستان و تورکیا و هەندێك جار لە ڕێگەی مەرزەکانی ئێران و تورکیا و یان لە سەفەری لوبنانەو , هەندێك لە برایانیش چوونە ناوچە عەرەبییەکانی

**سنوری سوریا و خۆیان کردۆتە شوان لە گوندەکاندا و دواتر هاتوونەتە خاکی شامی پیرۆز.**

**ئەو گەنجە کوردە روونیشیکردەوە: بەڵام هیچ گەنجێکی کورد هەر لە خۆیەوە نەهاتۆتە شام و هەمووومان دەزانین چۆن وکەی بەرێدەکەوین و دوای بەرنامەی تایبەت دەکەوین.**



## هەڵوێستی پەکەکە

پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە کە لە ڕێگەی یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG ژمارەیەك زۆر لە ناوچە کورییەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی کۆنترۆڵ کردووە , بە هەموو شێوەیەك چوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ سوریا ڕەتدەکاتەوە.

لە بەیاننامەیەکدا یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG ڕایگەیاندووە: ئێمە هەرگیز لەگەڵ ئەوە نین گەنجانی هەرێمی کوردستان بچنە سوریا و خەڵکی سوریا پێویستیان بە هاوکاری کەسیتر نیە

باسلەوەشکراوە, زۆرێك لەو گەنجانە خراونەتە ناو ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە و شەڕی دژی کوردیان پێدەکرێت.

یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG داوشیان لە حکومەتی هەرێم و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی باشووری

**کرددوە ڕێگری بکەن لە چوونی گەنجانی کورد بۆ سوریا. هاوکات , پەکەکە لە ڕێگەی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی خۆیەوە داوای ڕەتکردنەوەی فەتواکانی جیهادی سوریایان لە لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان کردووە.**

## بەشێ لە گەنجە کوژراوەکانی

## هەرێم لە سوریا

بە پێی زانیارییەکان گەنجانی هەرێمی کوردستان چوونە سوریا و پەیوەندییان بە بەرەی نوسرە و رێکخراوەکانیترەوە کردووە و دەستیانکردووە بە "جیهاد" دژی رژێمی سوریا و تا ئێستاش 30 لە گەنجانە کوژراون، لەم راپۆرتە شیکارییەدا وردەکاری ژیاننامە و چوون و کاتی کوژانیان بڵاودەکاتەوە:

نوسرەوە کرد و لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزی ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ دوو گەنجیتر بە ناوەکانی (میران عەبدوڵڵا و زەردەشت عەلی) لە لایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە سەر بە پەکەکە دەستگیرکران, بەڵام رۆژی 25-1-2014 چەن پەیجێکی فەیس بووک سەر بە داعش هەواڵی کوژرانی دابانیان بڵاوکردەوە

.

1. هاوکار محەمەد ساڵی ١٩٩٤ لە سلێمانی لەدایکبووە و لە بنەڕەتدا خەڵکی خانەقینە، قوتابی کۆلێجی پزیشکی زانکۆی راجیف گاندی بوو لە شاری بەنگەلۆری هیندستان و مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢ چوویە و وەك پەرستار لەگەڵ بەرەی نوسرەدا تیماری بریندارەکانی شەڕی کردووە و لە ١٢-٢-٢٠١٣ لە فرۆکەخانەی حەلەب کوژرا.
2. عوسمان حەمە تۆفێق، لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٤ شارۆچکەی خورماڵ، قوتابخانەی ئیسلامی هەڵەبجەی تەواو کردووە و وەك ئیمام و تورابێژ لە ژمارەیەك لە مزگەوتەکانی هەورامان ئیمامەتی کردووە، لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٢ چۆتە سوریا ، لەوێ بە ئەبو عەبدلحق ناسراوە و یەکێك بووە لە فەرماندەکانی بەرەی نوسرە، رۆژی ١٩-١١-٢٠١٣ لە حەلەب کوژرا.

3. **ساماڵ عوسمان، ساڵی ١٩٩٤ لە سلێمانی لەدایکبووە، قۆناغی ناوەندی خوێندووە وبە ساماڵ کۆساری ناسراو بووە و فەرماندەی کۆماندەرەکانی بەرەی نوسرە بووە لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕی حەلەب، لە ١٩-١١-٢٠١٣ لە حەلەب کوژرا.**

4. **زانا رزگار، لە دایکبووی ساڵی ١٩٩١ لە شارۆچکەی کفری لە ناوچەی گەرمیان، قوتابی بووە لە قۆناغی ئامادەیی و لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ چۆتە سوریا و پەیوەندی کردووە ە بە رێکخراوی بەرەی نوسرەوە و لە ٨-١١-٢٠١٣ لە سوریا کوژرا.**

5. **کەیوان محەمەد، ساڵی ١٩٨٩ لە ناوچەی تەوێڵەی هەورامان سەر بە قەزای هەڵەبجە لەدایکبووە، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٣ چۆتە سوریا و پەیوەندی کردووە بە نوسرەوە وبە ئەبو**

**موسلیم ناسراوە و لە ١٨-١٠-٢٠١٣ کوژراوە.**

6. **نەبەز سدیق، ساڵی ١٩٩٣ لە سلێمانی لەدایکبووە، قوتابی ئامادەیی بووە و لە ناوەڕاستی ساڵی رابردوو چۆتە سوریا بە ئەبو قەتادەی کوردی ناسراوە و لە ٩-١٢-٢٠١٣ لە سوریا کوژراوە.**
7. **ئیحسان عەبدولرەحیم، ساڵی ١٩٨٩ لە هەڵەبجەی شەهید لە دایکبووە ، و لە ناوەڕاستی ساڵی رابردوو چۆتە سوریا بە ئەبومەروان ناسراوە و لە ٢٩-١٠-٢٠١٢ لە حەلەب کوژراوە.**
8. **کەنعان عەبدولکەریم، ساڵی ١٩٨٨ لە هەڵەبجە لەدایکبووە، چۆتە سوریا و بە عبدالمنصوری عێراقی ناسراوە و لە ٢٨-٨-٢٠١٣ لە حەلەب کوژرا.**

9. عوسمان عەبدوڵلا نێرگسەجاڕی. ساڵی ١٩٨٧ لە هەڵەبجە لەدایکبووە، ساڵی ٢٠١٢ چۆتە سوریا و چەند جارێك بریندار بووە و لە ١٩-٨-٢٠١٣ کوژرا.

10. رابەر تاریق، ساڵی ١٩٨٩ لە هەڵەبجە لە دایکبووە، قۆناغی ناوەندی خوێندووە، و قوتابی مزگەوت بووە،کۆتایی سالی ٢٠١٢ چۆتە سوریا و لە ٢٢-٨-٢٠١٣ کوژرا.

11. فەرمان محەمەد،ساڵی ١٩٩٢ لە سلێمانی لەدایکبووە،مانگی پێنج چۆتە سوریا ناسراوە بە ئەبوتەڵحەی کوردی، لە ٢١-١٠-٢٠١٣ بە ئۆتۆمبێلێك خۆی تەقاندەوە بە بارەگایەکی هێزەکانی پەکەکە لە رۆژئاوای کوردستان یەپەگە و نزیکەی 20 کەسی کوشت.

12. سەرکەوت ئەحمەد، ساڵی ١٩٨٣ لە سلێمانی لەدایکبووە، سەرەتای ساڵی ٢٠١٢

**چۆتە سوریا لە ٢١-١١-٢٠١٣ لە حەلەب کوژراوە.**

13. **هەندرێن محەمەد، ساڵی ١٩٩٣ لە سلێمانی لەدایکبووە، قوتابی ئامادەیی بووە لە گەڕەکی برایم پاشای شاری سلێمانی، لە ٨-١٢-٢٠١٣ لە حەلەب کوژراوە.**

14. **عوسمان عومەر، ساڵی ١٩٩٤ لە هەڵەبجە لە دایکبووە و و لە ١٥-٦-٢٠١٣ چۆتە سوری، لە ١٨-١٢-٢٠١٣ لە دێرزور کوژرا.**

15. **کاوان عەلی، ساڵی ١٩٩٥ لە سلێمانی لەدایکبووەو لە ناوەڕاستی ساڵی رابردوو چۆتە سوریا بە خەتاب کوردستانی ناسراوە و لە ٢١-١٢-٢٠١٣ لە حەلەب کوژرا.**

16. **(ئاکۆ عبدالکریم) ناسراو بە (ئەبو عومەری کوردی)، ئاکۆ هەڵەبجەیی لەدایکبووی**

سالی 1986 ەو خێزانداره و کچێکی هەیە, مانگی 11ی 20  13 رووی کردۆته شام وپەیوەندی کردوه به بەرەی نوسرەوه و , له 2–1–2014 له نزیك شاری قامیشلی کوژرا.

17. مەروان سالح ناسراو به ئەبو تەلحەی کوردی سالی 1992 له هەڵەبجەی شەهید له دایکبووه, ماوەی 10 مانگه چۆته سوریا و پەیوەندیکردووه به دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شامەوه له 13–1–2014 له قامیشلی کوژرا.

18. رابەر محەمەد ناسراو ئەبو عەماری کوردی سالی 1990 له شاری هەڵەبجه له دایکبووه و ماوەی 10 مانگه لەگەڵ مەروان پێکەوه چوونەته وسوریا و پەیوەندییان به دولێتی ئیسلامیی عێراق و شام داعشەوه کردووه و رۆژی 11–1–2014 له قامیشلی کوژرا.

**19. چۆمان عەبدوڵڵا ناسراو بە ابواسد الكوردی ساڵی 1991 لە گەڕەکی خەباتی شاری سلێمانی لەدایکبووە , ماوەی ساڵێکە چۆتە سوریا و پەیوەندی بە بەرەی نوسرەوە کردووە , لە 31-12-2013 لە حەلەب کوژرا.**

20. **دابان سلێمان ناسراو بە سەلاحەدینی کوردی ساڵی 1990 لە شاری سلێمانی لە دایکبووە , لە کۆتاییەکانی ساڵی 2012 چوویە سوریا و پەیوەندی بە بەرەی نوسرەوە کرد و لە ناوەڕاستی مانگی تەمووزی ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ دوو گەنجیتر بە ناوەکانی (میران عەبدوڵڵا و زەردەشت عەلی) لە لایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە سەر بە پەکەکە دەستگیرکران, بەڵام رۆژی 25-1-2014 چەن پەیجێکی فەیس بووك سەر بە داعش هەواڵی کوژرانی دابانیان بڵاوکردەوە.**

## یەکێك لە چاوپێکەوتنەکان:

**1. ما هى علاقة و احجاجات بين جبهة النصرة و داعش ؟ متى نبدا الاحتجاجات و لماذا؟**

**العلاقة ان النصرة تابعه للقاعدة وأن داعش انشقت عنها وانها تتدعي أنها تابعه لتنظيم القاعدة ولكن كذب. لأن الأمير البغدادي أوصى لنفسه البيعة وخلع البيعة للشيخ الظواهري هذه بداية الخلافات طبعا داعش ترى الآن كل المجاهدين على أرض الشام بما فيها النصرة مرتدين لأنهم لم يعطوا البيعة للبغدادي.**

**2. هل هناك اى علاقة غير مباشرة بين دولة توركيا و جبهة النصرة؟ هل عندك اى معلومات من هو المنسق بينهم ؟ و ما هى المساعدات التركى لنصرة ؟**

**علاقة مباشرة لا يوجد اطلاقاً لا توجد علاقة اطلاقا ممكن النصرة توصي بالجبهة الاسلامية ولكن يمكن يكون تحت غطاء الجبهة الإسلامية. لأن تركيا تخاف من مشروع النصرة ومطالبتها**

**الخلافة علناً والنصرة هي مدرجة تحت قائمة الارهاب فتركيا لا تساعدها مباشرة.... يعني تحت غطاء الجبهة الاسلامية تركيا تخاف ولكن ممكن جمعية Ihh تقوم بالمساعدة احيانا**

**هذا رابط** https://www.facebook.com/HemmNews?fref=ts **وكالة همم التابعة لجبهة النصرة**

**4. ما موقف الشعب السورى في سلطة الجبهة النصرة ؟ و ما هى مسعادات النصرة للشعب؟**

**الشعب السوري مجمله راضي عن النصرة عشان الناس التكفيريين والغلاة خرجوا منها وذهبوا إلى داعش, وهي من افضل الفصائل على الأرض. وعشان مساعدات النصرة للشعب السوري. ممكن ابعتلك رابط لصفحة وكالة همم فيها كل اعمال النصرة الاغاثية**

**5. هل عندك اى معلومات من عدد الشباب الكوردستانى من اقليم كوردستان العراق ك مجاهدون في جبهة النصرة؟ في اى مناطق و ولايات ؟**

**والله يا اخي صعب احددلك العدد بالضبط لأن الشباب موجودين أيضاً في الجبهة الإسلامية الكوردية ايضاً. ولكن ممكن يطلعوا بحدود 100-150 شخص مافي مكان محدد لهم. متوزعين بين دير الزور وحلب**

**6. من هم جبهة الاسلامية الكوردية ؟**

**هم ايضاً كتيبة تعمل منطوية تحت الجبهة الإسلامية**

**https://www.facebook.com/jabhaislamyiakurdyia?fref=ts**

**هذا رابط الصفحة**

**7. و ما عندك , حول المقرات التمرين العسكرى للشباب ؟ في ارض سوريا او في تركيا ؟ اى ضباط عسكرى تركى قاموا بالتمرين ؟**

**ماستطيع اقول عن مكان تواجد المقرات ... مقرات لا استطيع اعطيك الاماكن. ولكن الضباط الاتراك لا يدربون سوى**

**التركمان الموجودين في ريف اللاذقية ويقدمون لهم كافة المساعدات سوى الاغاثية او العسكرية**

**8. من هم التركمانيون ؟ في جبهة النصرة او في جبهة الاسلامية؟**

**تركمان محسوبين على تركيا. يتحدثون بالتركية هم كتائب مستقلة في اللاذقية هم الآن مشاركين في المعارك الحاصلة في ريف اللاذقية**

# کۆتایی

کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی کوردستان کە لە ئەوروپا و رۆژهەڵاتی کوردستان و باکوری کوردستانەوە بۆ جیهاد چوونەتە سوریا.

هاوکاری و هەماهەنگی ڕێکخراوی قاعیدە لەگەڵ ناوخۆی کوردستان لە چەند ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ و نهێنییەوە بۆ چوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ سوریا. و گومانی رۆژنامەوانی لەسەر رۆڵی حزبە عەلمانییەکانی کوردستان لەسەر پرۆسەی چوونی گەنجانی کورد بۆ سوریا.

بەردەوامی کوژران و بریندار بوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان لە سوریا کە تا ئێستا زیاتر لە 20 گەنج کوژراون و نزیکەی 50یتر برینداربوون و چارەسەری پزیشکییان بۆ کراوە.

**وەرگرتنی هەڵوێستی پەکەکە وەك لایەنێکی فەرمانڕەوای رۆژئاوای کوردستان و هۆکارەکانی جەنگ و رووبەرووبوونەوەی نێوان کورد – کورد (کوردانی پەکەکە لە (YPG) و کوردانی ناو (نوصرە).**

**گومانی رۆژنامەوانی لەسەر کارئاسانییەکانی چوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان بۆ سوریا.**

**ژمارەیەك لە گەنجانی هەرێمی کوردستان کە لە سوریا لە شەری پەکەکەدا کوژراون و سێ لەو گەنجانەش خۆیان تەقاندۆتەوە.**

**گومان لەسەر نەبوونی متمانەی عەرەبەکانی بەرەی نوسرە بە گەنجە کوردەکان هیچ بنەمایەکی ڕاستی نیە.**

**سەرکردەیەکی پەکەکە پێی وتم: " ئەو گەنجانەی لە شارەکانی دیاربەکر و شارەکانیتری باکوری کوردستانەوە چوونەتە سوریا " لە لایەن چەند**

ڕێکخراوێکی ئیسلامییەوە مانگانە هاوکاری خێزانەکانیان دەکرێت".

ئێران لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە لە دەستگیرکردنی ئەو گەنجە کوردانەی گومانی ئەوەیان لێدەکات بچنە سوریا و لە ڕێگەی چەند حزبێکیشەوە ئەو فشارەی لە ناو هەرێمی کوردستان دروستکردووە.


- ماوەی 45 ڕۆژ سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بووم لەسەر چوونی گەنجانی هەرێمی کوردستان و ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر مۆرکێکی لێکۆڵینەوە و شیکاری ڕۆژنامەوانی وەرگرتووە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی و کوردی لە ژمارەیەك لە ناوەندە ئیعلامییەکان بڵاوکراونەتەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتم بە چەند ڕێگایەکی مەیدانی وەرگرتووە:

- دارشتنی ئەم لێکۆڵینەوە بە زمانی ئینگلیزی بە هاوکاری رۆژنامەنوس (هەرێم کەریم) کراوە کە سەرنوسەری سایتی ( کوردستان تریبیون)ە.
- دیداری رۆژنامەوانیم لەگەڵ سێ لەو گەنجانەی چوونەتە سوریا و ئێستا لەوێن
- چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆم لەگەڵ کەسوکاری پێبج لەو گەنجانەی چوونەتە سوریا
- قسەو وەرگرتنم لە دوو لەو گەنجانەی پاش چوونیان بۆ سوریا گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان
- پەیوەندیکردنم بە بەرپرسانی ئیسلامی کوردی لە باکوری کوردستان
- چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆم لەگەڵ بەرپرسانی باڵای پەکەکە لە قەندیل
- چاوپێکەوتنم لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی ئەمنی لە ئاسایشی هەولێری و سلێمانی.

# وێنەی بەشێك لەو گەنجانەی هەرێمی کوردستان

# کە لە سوریا کوژران




















الله



# Kurdish Youth and Jihad in Syria

Invistigative Report

Momen Zellmi

2014